پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق
کوردستان ـ هەولێر
ژمارە:
رۆژ:

Iraqi Kurdistan parlament
Kurdistan – Erbil

NO:
DATE:

## بۆ / سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان

## ب / پرۆژە بڕیار

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کەلەخوارەوە واژۆمان کردووە، پێشنیار دەکەین کە پرۆژەی بڕیاری (**چۆڵ کردن و تەسلیم کردنەوەی ئەو بینایانەی موڵکی گشتین بە حکومەت**) پێشکەش دەکەین بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و دانی بڕیاری گونجاو.

لەگەڵ رێزدا

**ئەندامانی واژۆکردووی پێشنیاری بڕیارەکە:**

1-
2-
3-
4-
5-
6-
7-
8-
9-
10-
11-
12-
13-
14-

## پرۆژەی بریاری

## چۆڵ کردن و تەسلیم کردنەوەی ئەو بینایانەی موڵکی گشتین بە حکومەت

**مادەی یەکەم:** هەموو ئەوخانوو و باڵاخانەو شوێنانەی کە موڵکی حکومەتن، لە لایەن پارتە سیاسیەکان، یان ڕێکخراوەکان، خەڵکانی ئاساییەوە دەستیان بەسەر داگیراوە، یان تیایدا نیشتەجێن و بەکاری دەهێنن، تەسلیم بە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێنەوە.

**مادەی دووەم:** ئەنجومەنی وەزیران ڕێنمایی پێویست دەردەکات سەبارەت بە ماوەو شێوازی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەو قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی تیایاندا نیشتەجێن ئەگەر پێویستی کرد.

**مادەی سێیەم** کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیار ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارەبێت.

**مادەی چوارەم:** پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**مادەی پێنجەم:** ئەم بریارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا کاری پێ دەکرێت.

Iraqi Kurdistan parlament
Kurdistan – Erbil

NO:
DATE:

**پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**
**کوردستان ـ هەولێر**
**فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان**
ژمارە:ت
ڕۆژ: 2014/3/8

---

**بۆ / سەرۆکایەتیی فراکسیۆن**

**ب / پڕۆژە بڕیار**

پڕۆژە بڕیاری (چۆڵ کردن و تەسلیم کردنەوەی ئەو بینایانەی موڵکی گشتین بە حکومەت) یەکێ لەو پڕۆژانەبوو کە ئێمە وەکو لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنمان بە کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا لەدووای سەرکەوتنمان لەهەلبژاردنەکاندا ئامادەی بکەین، هەروەکو لە کارنامەی لیستەکەشماندا هاتووە، هەر بەم مەبەستە ئەم پڕۆژە بڕیارەمان ئامادە کردووە و هیوادارم ڕەزامەندبن لەسەری و کار بکرێت بۆ ئەوەی لەدەرفەتێکی نزیکدا بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمانەوە.

لەگەڵ ڕێزدا

**گەشە دارا حەفید**
2014/3/8